ژمارە: ٤/١١٠٤/
بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠١٩

No: / /
Date: / /2019

**بۆ/لیژنەی کاروباری یاسایی**

**بابەت/ پێشنیازی یاسا**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی پێشنیازی یاسای **(دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)** کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئاراستەتان دەکەین، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی راتان لە بارەیەوە بۆ ئامادەکردن و دانانی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێزسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/کاروباری لیژنەکان.

٢٠١٩/١٠/١٥ بديعه

Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان - هەولێر

ژمارە:
بەروار : 2019/9/10

بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت/پێشنیازی یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیازی پرۆژە یاسای ( **دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان- عێراق**) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاری گونجاوی بۆ بدرێ.

لەگەڵ ڕێزدا.

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١ | عبدالستار مجید | |
| ٢ | کاشنا عبدالغفار | |
| ٣ | گولستان سعید محمد | |
| ٤ | عثمان علی سمایل | |
| ٥ | مسلم عبدالله رسول | |
| ٦ | کاوە عبدالقادر حسن علی | |
| ٧ | شیراز عومەر | |
| ٨ | ڕوباك أحمد رەحمان | |
| ٩ | شاکەوان رەئوف | |
| ١٠ | ابوبکر عمر عبدالله | |
| ١١ | بەریەا اسماعیل | |
| ١٢ | هلز احمد محمد | |

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

لیژنەی ... بە زیندان لەبارەیەوە

| | | |
|---|---|---|
| | شايان كاكه صالح | ١٣ |
| | سرور ضيار أحمد محمود | ١٤ |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

# پێشنیازی یاسای دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسە و دەستەواژە

**ماددەی یەکەم:**

ئەم دەستەواژەی خوارەوە مەبەست پێی مانای بەرامبەریانە:

١- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

٢- دەزگا: دەزگای باڵای کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان

٣- دەزگایەك لەهەرێمی کوردستان بەناوی(دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی)دادەمەزرێت، دەبەسترێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەرکی کۆنترۆڵی تەواوی کاڵا هاتوو و ڕۆیشتنەکان بۆ ناوەوە ودەرەوەی هەرێم دەبێت.

## بەشی دووەم

## بنەما گشتیەکان

**ماددەی دووەم:**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە وەدیهێنانی ئەم مەبەستانەی خوارەوەیە:

١- هەریەك لەم سێ کاڵا هاوردە کراوانە بۆ ناو هەرێمی کوردستان(خۆراك، دەرمان، ئۆتۆمبێل)لەلایەن یەك دەزگاوە کە بریتیە لە دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی هەرێمی کوردستانەوە پشکنینی بۆ دەکرێت.

٢- تەنها ئەو کاڵایانە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت کە چاکێتی (جودة)یان لەلایەن ئەم دەستەوە مۆڵەت دەدرێت.

٣- بەدامەزراوەیی کردنی پرۆژەی جولەی هاوردەی هەرێم بە شێوەی زانستی و ڕێگرتن لە قۆستنەوەی ئەم کەرتە بۆ تەنها قازانج کردن لە بەرامبەری هێنانی کاڵای بێ کەڵك دا.

٤- ئاسانکاری بۆ بازرگان و هاوردەکاران لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەی کۆنترۆڵ لەسەر شمەکی هاوردە لە سنورەکانی هەرێم لە ماوەیەکی کورت دت.

٥- لە هێنانی کاڵای بازرگانی دا دەبێت دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی ڕەچاوی ستاندارە نێودەوڵەتیەکانی ژینگەیی لە کاڵاکاندا بەمەرج وەربگیرێت.

بەشی سێیەم

پەیکەری دەزگا

**ماددەی سێیەم:**

١- بە پێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە دەزگایەك دروست دەکرێت بەناوی (دەزگای بالای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی) و سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

٢- کەسێك بە پلەی وەزیر سەرۆکی ئەم دەزگایە دەبێت و لەنێو دەستەیەك لە پسپۆرانی بە ئەزموونی ناسیاسی هەڵدەبژێردرێت و بەفەرمانێك دادەمزرێت و بارەگاکەی لە پایتەختی هەرێم و لەهەموو پارێزگاکان و مەزرە سنوریەکانی هەرێم ئۆفیسی دەبێت.

٣- دەزگا کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی خۆی دەبێت، بەمەبەستی ئەنجامادانی کارەکانی.

٤- ئەم دەزگایە کار بەهەریەك لە (المواصفات القياسية العراقية) و (ستاندارە نێودەوڵەتیەکانی چاکێتی کالاّ) دەکات.

٥- سەرجەم فەرمانیەرانی دەزگاکە پارێزگاری لە نهێنی زانیاریەکانی دەزگاکە دەکەن بەپێی حوکمەانی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**

**دەسەڵات و تایبەتمەندیەکان**

دەزگا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ئەم دەسەڵاتانەی دەبێت.

١- اعتیماد و جێبەجیٚ کردنی مەرجە یاساییەکانی چاکێتی کالاّ کە لە عێراق و جیهاندا جێبەجیٚ دەکرێت.

٢- بەخشینی نیشانەی چاکێتی (علامة الجودة)بە بازرگان و کۆمپانیا و کارگەکان و وەزارەتەکان.

٣- چاودێری کالاّ و بەرهەمە نیشتمانیەکان کە بۆ دەرەوەی هەرێم دەنێردرێن.

٤- یەکخستنی هەموو دەزگا و هۆکارەکانی پشکنینی کواڵیتی کالا لە هەرێم دا و رێگاکانی پێوانە و دەرکردنی بڕوانامەی ستانداری بۆیان.

٥- ئەنجامدانی پرۆسەی پشکنینو شیکاری و تاقیکاری و توێژینەوەی تایبەت بە پێوانە و کۆنترۆڵی جۆری.

٦- پێشکەش کردنی ڕاوێژ بە هەریەك لە کەرتەکانی گشتی و تایبەت لە بواری پسپۆری خۆیدا.

٧- بینین و بەداوادچون بۆ سکالای بەرهەم هێن وبەکاربەران، لە بورای تایبەت بە جۆر ومەرجەکانی بەرهەم وکالاّ.

٨- هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە عێراقی و نێودەوڵەتیەکان بۆ گەشەپێدانی چالاکیەکانی دەزگا.

٩- ئامادەکردن و ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانا ولێهاتوویی کارمەندان لە هەموو بوارەکانی کۆنترۆڵی جۆری.

١٠- هەر چالاکییەکی دیکە کە لەگەڵ سروشتی کاری کۆنترۆڵ کردن دا وێك دێتەوە.

**ماددەی پێنجەم**:پێوەرەکانی کۆنترۆڵکردن

١- ئەو پێوەر وستاندارانەی دەزگاکە پەیڕەوی دەکات بۆ هەموو لایەك مولزیم دەبێت لە سنووری هەرێمی کوردستاندا.

٢- ناگونجێت کە مۆڵەتی دامەزراندن بەهەر پڕۆژەیەکی پیشەسازی بدرێت، ئەگەر خاوەنی پڕۆژە پشتگیری ئەم دەزگایەی نەبێت.

٣- لەسەر هەموو وەزارەت و دەستەکانی هەرێمە کە کارئاسانی بۆ کارەکانی ئەم دەزگایە بکەن.

بەشی چوارەم

حوکمە سزاییەکان

**ماددەی شەشەم**:

لە کاتی ڕوودانی تاوانی لادان لە مەرج و ستانداردەکانی کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەر پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری و بەرهەم هێنان و هێنانی کالا دا ئەوا سەرۆکی دەزگا بڕیار دەدات کە:

١- پڕۆژەکە لە ماوەیەکی یاسایی دا ڕابگیرێت کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت.

٢- لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەو فەرماندا ئەوا دەزگا ئەم ڕێکارانە دەگرێتەبەر:

- ئەگەر پڕۆژەکە خاوەندارێتی بۆ کەرتی تایبەت دەگەڕایەوە، ئەوا مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە.

- خاوەن پرۆژە سزا دەدرێت بەبەند کردن کە لە(٦)شەش مانگ زیاتر نەبێت یان غەرامەی (١٠)دە ملیۆن دینار یان هەردووکیان.

٣- کەسێك بۆ جاری دووەم پرۆژەیەك یاخود کاڵایەك هاوردە بکات کە پێچەوانەی ستاندارەکانی کۆنترۆڵ بێت، تەواوی بابەتی هاوردە کراو دەستی بەسەردا دەگیرێت و ئەم بڕیارە لەدوو کەناڵی تەلەفزیۆنیدا بلاو دەکرێتەوە، وە بۆ خاوەنەکەشی سزاکە دەکرێتە دوو ئەوەندە.

٤- هەر کەسێك زانیاری نادروست بداتە فەرمانبەرانی ئەم دەزگایە یاخود گزی کاری بکات یاخود ڕێگر بێت لەگەیشتنیان بە زانیاریە دروستەکان، ئەوا بەتاوان دادەنرێت و ئەحکامەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموار کراوی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

٥- سزا دراو هیچ یەکێك لە دەرفەتەکانی گشتی وتایبەت نایگرێتەوە.

بەشی پێنجەم:

حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی حەوتەم:**

دەزگا پەیڕەوێکی تایبەت بەخۆی دەبێت بۆ بەڕێوەبەردنی کارەکانی و سەرجەم ئەرکە پێویستیەکانی تیادا ڕێك دەخرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای دەزگای ناوەندی پێوانەیی و کۆنترۆڵی جۆری عێراقی ژمارە ٥٤ی ساڵی ١٩٧٩ لە کوردستان ئیلغا دەکرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی تری یاسایی ناکرێت کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بێت.